International
Association for
Assyriology

http://iaassyriology.org/

## بەیاننامەی کۆمەڵەی ئاشووریناسیی نێودەوڵەتی لەمەڕ قەیرانە مرۆییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

گەورەبوونی قەیرانە مرۆییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە لە خوڵقاندنی تراژیدیا بۆ دانیشتووانی هەموو ناوچەکە. کۆمەڵەی ئاشووریناسیی نێودەوڵەتی بەتایبەت بەرامبەر ئەم تراژیدیا مرۆییە هەستیارە، چونکە هەموو ئەو کۆمەڵگە دێرینانەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکەین ئەو ناوچەیە نیشتمانیان بووە و ئەندامانمان مێژوویەکی درێژیان لە کارکردن لەگەڵ هاوپیشە و هاوڕێیانیاندا هەیە لەو ناوچەیە.

سەرەڕای مەترسیی سەر ژیانی خەڵکی، ئەم پێکدادانانە مەترسییەکی مەزن لەسەر کەلەپووری دەوڵەمەندی بەرجەستە و نابەرجەستەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکەن. زیان لەم کەلەپوورە گورزدانە لە ناسنامە و ژێرخانی کلتووری خەڵکی ناوچەکە.

بەسیاسی کردنی جێگە و کۆتەڵ و پاشماوە ڕزگاربووەکانی کۆمەڵگە کۆنەکان لە ناوچەکەدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە توندی ئیدانەی هەر زیانێک دەکەین کە بەر کەلەپووری ناوچەکە بکەوێت و ئیدانەی هەوڵی هەر لایەنێک دەکەین کە ئەم تراژیدیایە بقۆزێتەوە و بەشێوەیەکی سیاسیانە بەکاری بهێنێ تاکو لە پێکدادانەکانی ئەمڕۆدا سوودی لێوەرگرێ. کۆمەڵەی ئاشووریناسیی نێودەوڵەتی داوا لە هەموو ئەندامانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو لایەنەکان دەکات، تا ڕێز لە مافی ژیانی هەموو هاوڵاتیان بگرن و هەوڵی ڕێگەگرتن و کەمکردنەوەی زیانەکان و پاشان چاککردنەوە کەلەپووری ناوچەکە بدەن.

International Association for Assyriology, SMES – Assyriology, P.O.Box 9515, 2300 RA Leiden, The Netherlands